# سودانی فەرمان دەکات کە پلانی پێچەککردنەوە بەپێی ئەولەویەتەکان ڕێکبخرێتەوە

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، فەرمانیکرد کە پلانی پێچەککردنەوە بەپێی ئەولەویەتەکان ڕێکبخرێتەوە بۆ دەستەبەرکردنی ئامادەکردنی هێزە چەکدارەکان.
نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوێکدا کە دەستی موتەڵیع کەوتووە بڵاویکردەوە "سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ دووشەممە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی تایبەتی کرد، سەبارەت بە پلانی پێچەککردنی وەزارەتی بەرگری بۆ ئەمساڵ، بە ئامادەبوونی وەزیری بەرگری و سەرۆکی ئەرکانی سوپا و بریکاری وەزارەتی پلاندانان و ژمارەیەک ڕاوێژکار.

وتیشی لە کۆبوونەوەکەدا پلانی پێچەککردنیان تاوتوێکرد لە چوارچێوەی بەرەوپێشبردنی ستراتیژی حکومەت، بەمەبەستی بەهێزکردن و پەرەپێدانی تواناکانی هەموو جۆرە هێزەکانی سوپا و جەختکردنەوە لەسەر گرنگی هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی پێچەک کردن.

ڕوونیکردەوە سودانی فەرمانی ڕێکخستنەوەی پلانەکانی کرد، بەپێی ئەولەویەتەکان و جێبەجێکردنی

لەماوەی ئەمساڵ و ساڵای داهاتوودا، بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستی و کەلوپەلی هێزە چەکدارەکان، هەروەها ڕاسپاردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە هەماهەنگی ڕێوشوێنەکان و تێپەڕاندنی ئاستەنگەکان و دابینکردنی خەرجیی پێویست بە پاڵپشتیکردنی تواناکانی سوپای عێراق.